## خەڵکی کوردستان و ململانێی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئێرانی ئیسلامی!

نۆهەمین دەورەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری لەئێران دەست پێدەکات، ئەرکی نەتەوەیەکی داگیرکراو بەشداری لەم شانۆگەریەدا نیە، تا دەتوانیت و بۆت دەکرێت دەنگ مەدە! دەنگدانی تۆ شەرعیەت دانە بەدرێژەی تەمەنی داگیرکاریی لەکوردستانە. ۆلایەتی فەقیەلەئێراندا بەهەموو دامودەزکاکانیەوەتا ئیستا جگەلەتالان و وێرانیکردنی ژێرخانی ئابووری وڵاتەکەت، جێگەلەچەوساندنەوەو رۆژرەشی، دەربەدەریی لە هەندەران لەپێناو بژێوی رۆژانەدا، دەستبەسەرکردن و زیندان و ئەشکنجەی رۆڵەکانی خەلکی کوردستانە، بەتێکرا درێژەدەری کۆیلیەتی و هەژاری و چەوساندنەوەی نەتەوەیەکەلەگۆرەپانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کۆلتوریی‌دا، شێتکیتریان بۆت بەدیاری نەهێناوە! دەنگ مەدە!

هەر وەکوو ئاگادارن دەوری دەهەمی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لەئێراندا، ئەزموونەکانی خەڵکی کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنی کورد لەمهەلومەرجەدا، لەبەرامبەر تاقیکردنەوەیەکی تردایە.
ئەگەر ئەمڕۆ لایەنێک یان ئەو لایەنانەی دڵیان بۆ ئەوەلێدەدات و پێیانوایە کەبەبەڵێن پێدان و پروپاگەندەی ئەم یان ئەو باڵی نێو بازنەسیاسیەکانی کۆماری ئیسلامی دەکرێت چاکسازی و رێفۆرم لەکۆمەڵگای ئێراندا بێتەئاراوە، و بەپروپاگەندە کردن، خەڵکی کوردستان هان دەدەن کەبەشداری هەلبژاردنەکانی سەرۆککۆماری لەئێراندا بکەن، دەبێت بزانن کەئەمە لەبەرژەوەندی نەتەوەیی و ئازادی خەڵکی کوردستان نیە، خەلکی کوردستان بەئەزموونی خۆیان لەوەگەیشتوون کەمەلملانەو کێبەرکێی باڵەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران نەک لەبەرژەوەندی مافی مرۆف و هەڵبژاردنێکی ئازاددا نیە، نەلەبەرژەوەندی بژێوی خەڵکی هەژار و بندەستدایە، بەڵکو تەنها لەبەرژەوەندی گیرفانی خۆیان و مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیەکەیاندایە.

ئەوباڵانەی کەلەفیلتری ئیمامی ئۆمەتەوەبۆ بەشداری لەکاندیدای سەرۆککۆماری تێپەر دەبن هەموو خەڵک دەزانن کامانەن. چوار مۆرەی گرنگ و خاوەن دەسەڵات لەدڵی کۆماری ئیسلامیدا کەدەگەنەمیدانی ئەم هەڵبژاردنەبریتین لەموحسین رەزایی، مەحمود ئەحمەدینیژاد، مەهەدی کەرۆبی، میرحۆسین موسەوی. (باقی کاندیداکانی تر ئاکتەرەکانی نێو ئەم شانۆگەریەسیاسیەن)، ئەم کەسانەلەسەر مانەوەی دەسەڵاتی ولایەتی فەقیەلەئێراندا هیچ نارەزایەتی و مەلملانێیەکیان نەبووە و نیە. و هەر کامەکیان پێیانوایەکەبەپلان و سیاسەتێک کەبەکاری دێنن، دەتوانن باشتر لەسەر مانەوەی سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا کاریگەرییان هەبێت.
کێ شکی هەیەلەوەی کەمەحمود ئەحمەدینژاد بۆ مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پێش سەرەککۆماری و ئیستایش لەدەورانی پۆستی سەرۆککۆماریشیدا زیاتر لەهەموو دەورانێکی بێووچان بۆ راگرتنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تێنەکۆشابێت؟ مەگەر موحسین رەزایی رەئیسی شواری مەسڵەحەت و فەرماندەی پێشووی سپای پاسدارنی ئێران نەبوو کەلەپروپاگەندی خۆیدا گوتی ئیدامەی "دەسەڵاتی ئەحەمەدینیژاد کۆماری ئیسلامی بەرەو هەڵدێر" دەبات!
خاتەمی لەسەردەمێکدا کەئیدعای "ئیسلاحات و رێفۆرمی" دەکرد، پێی وابوو کەمانەوەی کۆماری ئیسلامی لەگەرووی شلکردنەوەی دیکتاتوریەتدایە، ئەمڕۆش موحسێن رەزایی پێی وایەمانەوەی کۆماری ئیسلامی لەگەرووی ئەهۆنکردنەوەی توندڕەویەکانی کابینەی ئەحمەدی نەژاد دایە، چوون پێیوایەئیدامەکاری سیاسەتەکانی کابینەی ئەحمەدی نەژاد هەموویان بەرەو هەڵدێر دەبات.

سیستەمی دەسەڵات وحوکمرانی لەئێرانی فرەنەتەوەیی و فرەئایینیدا، هەموو کاتێک لەژێر رکێفی نەتەوەی باڵادەستدا بووە. لەم سیستەمەدا، شیعەگەری بەشێوەیەکی رەگەزپەرەستانەلەسەرانسەری گەلانی بەندەست و بەتایبەتی گەلی کورد و کەمایەتەیەمەز هەبیەکاندا دەسەڵاتداری خۆی دەگێرێت، خەڵکی کوردستان تا ئێستا لەچوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی ئێراندا نەحیسابیان بۆ کراوەو نە توانیوویانەدەورێکی ئەوتۆیان لەم بازنە تەنگەی حاکمیەتدا گێراوە، شکاندنی ئەم بازنەیەو بەدەستهێنانی مافی بەشداری لەهەڵبژاردن و دەسەڵاتی سیاسی لەئێراندا بۆ گەلی کورد و گەلانی تر، بە مانای لێدان لەرەگ و ریشەی ولایەتی فەقیە لەئێران دێت. لەسیستەمی ولایەتی فەقیەدا، مافی مرۆف جگەلەوەی کەدەیبینین و بینوومانە هیچ مانایەکی نییە، ئازادی دەنگدان و هەڵبژاردن بە بێ هیچ جۆرەهەڵاواردنێک، لەگەڵ بنەماکانی ولایەتی فەقیەدا یەک ناگرێتەوە، ژیان و مانەوەی کۆماری ئیسلامی لەئێران لەگرەوی مانەوەی دەسەڵاتی ولایەتی فەقیەدایە.
بەڵێ،خەڵکی کوردستان بە درێژایی تەمەنی داگیرکاران بەئێستا و رابردووشەوە. وەکوو شارۆمەندێکی دەرەجەدوو حیسابیان لەسەر کراوە، هەر بۆیەگەلی کورد هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریەکانی ئێران، وەکوو شانۆگەریەکی سیاسیی چاو لێکردوە و دەیکات، دەسەڵاتدارانی ئێران هیچ کات، لەناخی دڵیانەوە و بەجیددی، کوردستانیان بەبەشێک لەئێران نەزانیووە

و تەنها بۆ ئەوەیانەلێی بخۆن و تالانی بکەن، هەر لەسەر ئەم بناغەیە جگەلەبێمافی و هەڵاواردن، زیندان و دەربەدەریی بۆ گەلی کورد قازانجێکیان نەبووە و نابێت. گەلی کوردیش بەهەموو وجودیەوەهەست بەم هەڵاواردن و ماڵوێرانیەدەکات و هەمیشەبەرپەرچی داوەتەوەو خەباتی لەپێناوی ئازادی و خۆرزگارکردندا کردوە. هەر بۆیەئەگەر لەدۆخی ناچاریی و زۆربۆهێنان و فشاری جۆراوجۆریشدا بەشداری ئەم گەمە سیاسیەیشی کردبێت، تەنها بەحوکمی ئەو شەرت و مەرجانەبووەکەلەسەریان داناوە، هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیەوەخەڵکی کوردستان وەڵامی نەخێریان بەم رژێمەداوەتەوە، و هیچ هەڵبژاردنێکیان بەهی خۆیان نـەزانیووە.
**هەڵبژاردن بۆ ئەوانەیەکەباوەڕیان بەولایەتی فەقیەیە!**
لەم کاتەدا ئێمەداوا دەکەین کەرۆڵەکانی کورد لەزیندانەکاندا ئازاد بکەن و دەست لەوەحشەیگەریی دژ بەدانیشتووانی کوردستان و لەسەر خاک و خەڵکی کوردستان هەڵبگرن.

هــێرش عـەلـیـزادە 16-05-2009